# رۆڵی  هۆیەکانی فێرکردن  لەهێنانەدی چەند ئامانجێکی وانەووتنەوەی زمانی کوردی لەڕوانگەی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی


**پ.ی.د . نظام  عبدالجبار حسين**
**زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**
**بەشی پەروەردەی هونەری**



## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) لە زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زمانی کوردی ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی رۆڵی هۆیەکانی فێرکردنە لە بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی وانەوتنەوە. سنوری توێژینەوەکە مامۆستایانی بەشی (زمانی کوردی) ە.

نموونەی توێژینەوەکە ١٣ مامۆستای نێرو مێیە. ئامرازی توێژینەوەکە راپرسیەکە بریتی بوو لە ١٨ برگە ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کراوە بەمەبەستی وەڵامدانەوە.توێژەر زاراوەکانی روونکردەوە کە پێویستە بە روونکردنەوە، هەروەها چەند ئامرازێکی ئاماری بەکارهێناوە وەکو ناوەندی شیاو (فیشر) و هاوکۆلکەی پێرسون بۆ دەرهێنانی رێژەی جێگیری ئامرازی راپرسی.لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا وادەرکەوت کە نموونەی توێژینەوەکە بەگشتی گرنگیان بەهۆیەکانی فێرکردن داوە و رۆڵیان هەیە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وانەوتنەوە لای خوێندکار.توێژەر چەند سەرچاوەیەکی سوودمەندی بەکار هێناوە، هەروەها چەند راسپاردەو پێشنیازی پێشکەشکردووە لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی .



## الملخص

يرمي هذا البحث الى معرفة دور الوسائل التعليمية فى تحقيق بعض الاهداف التدريسية فى اللغة الكردية. وقد تم اجراءه فى قسم اللغة الكردية–كلية التربية الاساس للعام ٢٠١٧ -٢٠١٨على عينة من تدريسي اللغة الكردية البالغ عددهم (١٣) وقد استخدم الباحث الاستبيان اداة لبحثه حيث تكون من (١٨) فقرة، واستخرج صدقها وثباتها، واستخدم الباحث بعض الوسائل الاحصائية لمعرفة النتائج باستخدام الوسط المرجح لمعرفة قوة فقرات الاستبيان ومعامل ارتباط بيرسون لمعرفەثبات الاداة. وتوصل الباحث الى نتائج ايجابية حيث ان اكثرية افراد العينة كانت اوساطهم المرجحة على جميع الفقرات اعلى من المقياس وهذا معناه بان للوسائل التعليمية دور كبير فى تحقيق بعض الاهداف التدريسية.  قدم الباحث مجموعةمن الاستنتاجات والنصائح والمقترحات، واستخدم المصادر المفيدةذات العلاقة بموضوع البحث.



## Abstract

The purpose of this research is to find out the role of teaching aids to achieve some of teaching objectives in the Kurdish language from the point of view of Kurdish language teachers.The

research was conducted in Sulaimanyah University / faculty of Basic Education / Department of Kurdish language in (2018) The researcher used the descriptive method as a methodology in his research. The sample of the research was (13) teachers and the questionnaire were used as equipment for its research. The paragraphs of the questionnaire were (18) paragraphs with the used of the statistical methods of (Fischer) and Pearson correlation). Were used and some results were obtained. The results of the questionnaire were above (2) the arithmetic mean, questionnaire sections were positive in the sense that the educational means played huge role in achieving some of teaching objectives. The researcher also presented some suggestions and recommendations with used of some sources related with the research.

## بەشی یەکەم

### یەکەم : کێشەی توێژینەوە :-

پەروەردە بەبەردی بناغەی پێشکەوتن دەژمێردرێت، هەروەها پرۆسەیەکە گۆڕانکاری لەڕەوشتی تاك دەکات هۆیەکانی فێرکردن ڕۆڵێکی گەورەیان لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕەوشتیەکان هەیەو گەشە بەهزری خێندکار دەدات و ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەبەرجستەکردنی ئامانجە پەروەردەیەکان و پێگەیاندنی فێرخوازێکی لێهاتوو لەلایەنەکانی عەقڵی و چابووکی و ویژدانی . کەواتە مامۆستا جگە لەشارەزایی لەزانستەکەی خۆی هەر پێویستی بەهونەری وانە ووتنەوە هەیە ، کەهۆیەکانی فێرکردن یەکێکە یان لقێکی وانەووتنەوەیە، کەواتە مامۆستای کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی / بەشی زمانی کوردی بۆ ئەوەی بەوردی وانە بڵێتەوە ، دەبێ شارەزاین لەئامانجەکانی زمانی هەبێت و بەبەکارهێنانی هۆیەکانی فێردنە ئامانجەکان زووتر روون دەبێت و تێگەیشتنی بابەتەکە ئاسانتر دەبێت کێشەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە رۆلی هۆیەکانی فێروکردنە لەهێنانەدی چەند ئامانجێکی ڕەوشتی لای مامۆستایان زمانی کوردی چیە .

### دووەم : گرنگی توێژینەوە :-

وەکو دەزانرێت لەپەروەردە و فێرکردندا ئامانجی رەفتاری جۆراوجۆر دەهێنرێتە دی لای تاك ، لەبەرئەوە نابێت متمانە لەسەر وانەوتنەوە بەشێوازی پێوتن (الالقاء) بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان بکەین لەبەر ئاڵۆزی وێستگەی فێرکردن و بڵاوبوونەوەی زانیاری وپێشکەوتنی تەکنەلۆژیا (الجبوري ١٩٨٧ : ٢٨٧)

هۆیەکانی فێرکردنی جۆراو جۆر ئاستەکانی شارەزایی فێرخواز نزیك دەکاتەوە بۆ نموونە شێوەکار و نیگار و هۆیەکانی فێرکردنی تر زۆر شت روون دەکەنەوە کە هەندێك جار بەنووسین روون ناکرێتەوە لەبەرئەوە زۆربەی هۆیەکانی فێرکردن ، کدادەنرێت بەبنەڕەتێکی بەرجستەیی هەستپێکراوی بیرکردنەوە ، کە کەلەمەترسیەکانی فێرکردن بێژەیی کەم دەکاتەوە ، هەروەها بایەخدانی خوێندکار دەوژرێنێت و زانیاری و شارەزایەکان لای خوێندکار دەمێنێتەوە (مطاوع ، ١٩٨٢ : ٤٣)

مامۆستا هۆیەکانی فێرکردن بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی بیرێك یان چەمکێکی قورس یان شیکردنەوەی یەکێك لەبابەتەکان بۆبەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیەکان (الخطیب ، ١٩٩٣ : ١٦٤) تاکەکان جیاوازن لە توانای عەقڵی و لەشدا هەموو لەمەیانی هەستەکانەوە, تاکەکانە بەجیهان ئاشنا دەبنەوە هەرچەندە هەستەکان جیاوازن لای مرۆڤ بەپێ ی زانیاریەکانی مرۆڤ .

هەستی چێژ (١%) ی زانیاریمان پێ دەبەخشن هەستی بەرکەوتن (١,٥%) و بۆنکردن رێژەی (٣,٥%) بیستن رێژەی (١١%) بەڵام هەستی بینن رێژەی ٨٣ % زانیاریمان پێ دەدات هەروەها ئەم رێژانە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر

جیاوازە بەپێ ی توانای هەستەکان بە ئەرکەکانیان وەرگرتنی  وروژاندنەکانی دەرەوە ، ئەم جیاوازیە یەکەم هەنگاوە کە گۆڕانکاری لەناو تاکەکاندا هەیە ، لەبەرئەمە بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن لەخوێندنگاکاندا ئامانجەکەی گەیاندنی بابەتە زانستیەکان بۆ فێر خوازان بەشێوەیەکی یەکسان و کەمکردنەوەی جیاوازی تاکایەتی بۆ گوێرەی توانا (عزیز، ١٩٧٦ : ١٣) توێژەران و مامۆستایان لەقۆناغە جۆراو جۆرەکانی خوێندن هەموویان هۆکاری فێرکردنی جۆرا و جۆر بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی باشترین و کاریگەرترینیان بەکاربهێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی وانە ووتنەوە جا لەبەر ئەوە هۆیەکانی فێرکردن بوو بە توخمێکی سەرەکی لەتوخمەکانی پرۆسەی پەروەردە و هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەیی و زانستی .(السمرائي ١٩٨٦: ٢)

بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن لەلایەن مامۆستاوە دەبێت لێزان و وورد بێت و شارەزایی لەهەموو جۆرەکانی هۆیەکانی فێرکردن بێت بەباشی بەکاری بهێنێت هەروەها هۆیەکانی فێرکردن گونجاو بێت بۆ ئامانجی وانەکە .(القذافي، ١٩٩٧ : ١٧٩)

جا لێرەدا گرنگی ئەم توێژینەوە دەخرێتە روو کەپێویستمان پێ هەیە بۆ زانینی رۆڵی هۆیەکانی فێرکردن لەبەدیهێنانی ئامانجە فێرکاریەکان بەپێی تێڕوانینی مامۆستایانی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردی بنەرەت / زانکۆی سلێمانی وەهەروەها بۆ زانینی رادەی کارتێکردنی هۆیەکانی فێرکردن بۆ دەستکەوتن خوێندکار . ئەو بابەتانەی کەدەیخوێنن بەتایبەتی مامۆستا باوەری بەبەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن و کۆمپیوتەر کاریگەری زۆرە.

**سێیەم : ئامانجی توێژینەوە :-**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی رۆڵی هۆیەکانی فێرکردن لەبەدیهێنانی هەندێك لەئەمانجەکانی وانە ووتنەوە لەکۆلێجی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی لەڕوانگەی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی یەوە بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ .

**چوارەم : سنوری توێژینەوە :-**

ئم توێژینەوەیە لەسەر نموونەیەك لەمامۆستایانی بەشی زمانی کوردی / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ لەشاری سلێمانی ئەنجام دەدرێت .

**پێنجەم : پێناسەی زاراوەکان :-**

١-**هۆیەکانی فێرکردن :** هەرچەندە پێناسەی هۆیەکانی فێرکردن زۆرە توێژەر بەباشی زانی ئەو پێناسانە هەڵبژێردرێت کە زۆر گرنگن.

**پێناسەی :** Good

-هۆیەکانی فێرکردن، ئەو ئامێر و ئامرازەیانەیە کە بەهۆیانەوە پرۆسەی فێرکردن لەرێگای هەستی گوێ و چاوەوە بەردەوام دەبێت (الطوبجي ، ١٩٨٣ : ٢٠)

-(بدران) یش پێناسەی کردووە ئەو ئامێر و ئامرازانە بەرجەستانەیە کە مامۆستا بەکاری دێنێت بۆ چاکسازی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن و روونکردنەوەی داتاکان یان شیکردنەوەی بیرەکان یان مەشقکردنی خوێندکار لەسەر چاپۆکیەکان (لێهاتووەکان) بەبێ متمانە کردنی مامۆستا لەسەربێژە و هێما و ژمارە (بدران ، ١٩٦٩ : ٣١)

-(حمادە) پێناسەی دەکات دەڵێت هەموو ئامراز و ئامێر یان بابەت کە مامۆستا بەکاری دەهێنێت لەگەڵ خوێندکاراندا لەوێستگەیەکی فێرکاری بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێربوون فێرکردن بۆ رونکردنەوەی هەر بیرو باوەڕو چەمکێك یان بابەتێك بێت بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجی ڕەوشتی خۆیندکار . (حمادە ، ١٩٩٧ ، ٦٣٦)

**پێناسەی ڕێکاری هۆیەکانی فێرکردن :**

هۆیەکانی فێرکردن ئەو ئامێر و ئامراز و بەرجەستانەیە ، کەیارمەتی مامۆستا دەدات بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجە دەستنیشانکراوەکان و وەرگرتنی زانیاری بەشێوەیەکی باش و خێرا بەبێ متمانەکردن لەسەر هێماکان و بیژەکان .

**-ئامانجەکانی فێربون :**

شێوازێك هەیە ناوی (وەسفی کارە) بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی وانەووتنەوە لەرێگای وەسفی کارەوە پێویستمان بەمانەی لای خوارەوە دەبێت .

١-دەستنیشانکردنی ئەدای (اداء) کۆتایی کە خوێندکار بۆی تێدەکۆشێت .

٢-مەرج و بارودۆخەی بابەتیانە کە بەچواردەوری پرۆسەی وانەووتنەوە

٣-شیکردنەوەی ئەدا

توێژەر (پۆلینی بلوم) بەباش دەزانێت و ئامانجەکانی فێرکردن بەجوانی روونەدەکاتەوە ئەمەش سێ رەهەندی هەیە .

١-لایەنی زانیاری ٢-لایەنی ویژدانی ٣- لایەنی سیکوبزوتن

وەك دەزانین لایەنی زانیاری فێرخواز جودا ناکرێتەوە لەلایەنەکانی مرۆڤ لایەنی جەستە و ویژدانی و کۆمەڵایەتی چونکە مرۆڤ بوونەوەرە .هۆکاری فێرکردن یارمەتی تێگەیشتنی مرۆڤ دەدات چونکە تاك پێویستی بەیارمەتی بۆ شیکردنەوە و رونکردنی ئەو جۆرە کارانە هەیە وەکو زانیاری –تێگەیشتن–پراکتیکردن–شیکردنەوە–پێکهێنانهەڵسەنگاندن (اللقاني ١٩٨٢ : ٢٢ – ٤٠).

**پێناسەی ڕێکاری ئامانجی فێرکردن :-**

کۆمەڵە ئامانجێکی وانە ووتنەوەیە کەلە دوو تۆی راپرسیەکیە کە توێژەر ئامادەی کردووە بۆ ئەو مەبەستە

**بەشی دووەم**

**یەکەم : ئەدەبیاتی توێژینەوە**

لە میانی ئەزموونی راهێنانی زماندا بەتایبەتی زمانی کوردی لەشێوازی وانە ووتنەوەی کۆن شتێك نەبوو بەناوی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی جگە لەبابەتە نووسراوەکە و کاغەز و پێنووس وتەباشیر ، هێشتا تەکنەلۆژیا بەچەمکی نوێ هێشتا نەهاتبووە کایەوە بەڵام بەدەرکەوتنی شێواز و رێکاری بنیوی یان گوێگرتن کەئەمەش پێویستی بەبەکارهێنانی تاقیگە و ئامێری تۆمار و تەلەفیزۆنی فێرکاری کەلەم دوایەدا بەکارهێنراوە خوێندنەوە بەدەنگی خەڵکی زمانە ڕەسەنەکە تۆمار کراوە هەروەها کارتی خوێندنەوە بۆ فێربوونی دەنگسازی بەکارهێنراوە ( خرما - ١٩٨٨ : ٢١٠) رۆڵی هۆیەکانی فێرکردن لە فێربوون و فێکردندا :- هۆیەکانی فێرکردن ئەم رۆڵەیان هەیە .

١-درکی هەستی

٢-تێگەیشتن

٣-لێهاتووەکان

٤-بیرکردنەوە

٥-ئاراستەو بەهاوچێژ

٦-بایەخدان و چالاکی خودی و جیاوازی تاکایەتی وگشتاڵت (بدران ، ١٩٩٩ : ١٢-١٨).

یاسای بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن :- هەندێ یاسا هەیە دەبێت ڕەچاو بکرێت لەکاتی بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن :

١-دەستنیشانکردنی مەبەست لەوانەوتنەوە

٢-ئەزمون کردنی هۆیەکانی فێرکردنی یان هەڵبژاردنیان

٣-ئامادەبوون

٤-بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن لەکاتی خۆیدا

٥-یەگرتنی زانیاریەکان زانیاریەکان

٦-بەدوادواکەوتن


٧-بەدواداچوون

٨-بەردەوام بێت لەبەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن (بدران ، ١٩٩٩ : ٣٦-٤٠)

**ئامانجی پەروەردەیی:**

زۆر لەزاناکان پۆلێنی ئامانجیان کرد لەسەر لایەنی ئەدا (ألاداء) زۆر هەوڵیانداوە لەوانە وەکو بلومانجلهارت–فرست–هل–کراثول - فرانش - میجر–جانییە

بەلاَم پۆلَین بلوم و کراپول لەهەموو ئەو پۆلَینانە بەربلاَوترە سوودی زانستیان هەیەپەیژەی زانیاری لای بلوم (الخطیب ، ١٩٩٣ : ١٤١ – ١٤٣ )




**دووەم /توێژینەوەکانی پیشوو :-**

١-توێژینەوەی عمر (٢٠٠٩) ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەوەیە زانینی دۆخی بەکارهێنانیهۆیەکانیفێرکردن وپەیوەندی بەدەستکەوتنی خوێندن لەبابەتی زیندوەرزانی لایخوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لەشاری کسلا ئەنجامی ئەم توێژینەوە ئەوەیە بەکارهینانی هۆیەکانی فیرکردن لەلایەن مامۆستاوە زۆر لاواز بوو هەروەها ئەنجامەکان وا دەردەکەوت کەپەیوەندی ئیجابی بەبەڵگەی ئاماری لەئاستی (٠،٠٥) لەنیوان بەکارهینانی هۆیەکانی فێرکردن و دەستکەوتی خویندن لاوازە . (عمر ، ٢٠٠٩ : ٥ -١٢)

٢-توێژینەوەی فهد(١٩٨٦) لەزانکۆی بەغدا ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە لەژێر ناونیشان (کارتیکردنی بەکارهینانی کارتە فێرکاریەکان لە زیادکردنی خێرایی خوێندنەوەی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجی سەرەتایی )

نموونەکە بریتی بوو لەدوو کۆمەڵەی (٢١) خوێندکاری کۆمەڵی ئەزموونی بوون (١٩) خوێندکار کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو بوون ، توێژەرگەیشە ئەم ئەنجامانە بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بەم شیوەیە :

١-جیاوازی ئاماری هەیە نیوان کۆمەڵەی ئەزموونی لەتاقیکردنەوەیپێش و پاش.

٢-هیچ جیاوازیەکی ئاماری نیە لەنیوان هەردوو کۆمەڵ.

٣-هیچ جیاوازیەکی ئاماری نیە بەپێی گۆڕاوی رەگەز لەخیرایی خویندنەوە (فهد ، ١٩٨٦ : ٣-٤)

**بەشی سێیەم :رێکاری توێژینەوە :-**

**یەکەم :** کۆمەڵگای توێژینەوە:- کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە (٩) مامۆستای نێر و (٤) مامۆستای مێ لە بەشی زمانی کوردی / کۆلیجیپەروەردەی بنەڕەت بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ کەواتەتوێژەر هەموو کۆمەڵگاکەی وەرگرتووە وتوێژینەوەی لەسەر دەکات واتە کۆمەڵگاکە خۆی نموونەی توێژینەوەکەیە.

**دووەم :** ئامرازی توێژینەوە :- توێژەر ئامرازی راپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و چەند سەرچاوە و توێژینەوەیەکی بەکارهینا بۆ ئەو مەبەستە ئامرازەکە بەم شێوەیە ئەنجام دراوە .

١-راپرسی سەرەتایی : توێژەرراپرسیەکی سەرەتایی ئامادە کردووە بریتی بوو لەپرسیاریکی کراوەپرسیاریکەش ئەوەیە مامۆستا بەریز (بیر و بۆچوونی بەریزت، رۆڵی هۆیەکانفێرکردن لە جێبەجێکردنی ئامانجی وانەوتنەوەی وتنەوەزمانی کوردی چییە) دابەش کرا بەسەر ١٠ مامۆستا لەنیر و میلەبەشی زمانی کوردی / کۆلیجیپەروەردەی بنەرەتی.

٢-راپرسی داخراو : دوای وەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی سەرەتایی کۆمەڵێك بڕگە دروست بوو لایتوێژەر کە ئەشیت بۆ برگەیراپرسیتوێژەر هەوڵی داوە سوود لەئەدەبیاتیپەروەردەییچەند سەرچاوەیەکیپەیوەندیدار بابەتی توێژینەوە هەروەها سوودی لەتوێژینەوەکانیپێشتر کردووە ئەمانە هەمووی کۆمەڵێك برگەیپەیوەندیدار بەتوێژینەوەکە لایتوێژەر کۆبۆوە بەم پییەراپرسیەکە ئامادەکرا کە بریتی بو لە (١٨) برگە دابەش کرا بەسەر چوار بوار کەئەمانەن :

١-بواری پاڵپیوەنان و چالاکی ٥ برگە.

٢-بواری چەسپکردنی زانیاری ٦ برگە.

٣-بواری فراوان کردنیژیری وداهینانی خوێندکار و دۆزینەوەی مەیل و توانای ٤ برگە.

٤-بواری بەدەستهینانی زانیاری و شارەزایی ٣ برگە.

**سییەم / راستی ئامراز**

مەبەست لەڕاستی هەر ئامرازیك ئەوەیە، ئەو ئامرازە تا چەند توانایپێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کەلەپێناویدا ئامادەکراوە (الجلبي، ٢٠٠٥: ٨٤) ( الروسان، ١٩٩٩ : ٣١) بۆ دەرخستنی راستی هەر ئامرازیك دەبیت ئامرازەکە بخریتە بەرچاو کۆمەڵێك لەپسپۆڕیپەروەردەی و دەروونناسی و زمانی کوردی[1] بەمەبەستی بریاردان لەسەر برگەکانیراپرسیەکە جا بۆ ئەو مەبەستەتوێژەرراپرسیەکەی خستە بەردەستی (٥) پسپۆڕی خاوەن ئەزموون.

---

[1]پ.د. علی عبدالرحمن جمعه

پ.ی.د. و صابر بکر مصطفی

پ.ی.د. عادل رشید

ڕاپرسیەکە بریتی بوو لە (١٨) بڕگە دابەش کراوە بەسەر چوار بواردا هەر بڕگەیەك لە (٤) مامۆستا زیاتر ڕایان لەسەر بوو ئەوا ئەو بڕگەیە دەمێنێتەوە کەدەکاتە (٨٠%) ئەمەش ڕیژەیەکیپەسەندە، بلوم ئاماژە دەکات ئەگەر ڕێژەی ڕێککەوتن (٧٥) زیاتر بیت ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕاستی ڕواڵەتی ڕاپرسی.(الزوبعي ، ١٩٨١ :٤٤) توێژەر سی جیگری داناوە بەرامبەر هەربڕگەیەك کە ئەمانەن بەرادەیەکی زۆر=٣ نمرە تا ڕادەیەك = ٢ نمرە بەرادەیەکی کەم = یەك نمرە بەم پی‌یەڕاپرسیەکە ئامادەبوو بەشیوەیەکی کۆتایی

**چوارەم / جێگیری ئامراز :**

مەبەست لەجێگیری ئەوەیە کەدەبیت هاوشیوەبونیکی نزیك هەبیت لەئەنجامەکاندا کاتیك دووبارە ئامرازەکەپیادە بکریتەوە بەسەر هەمان ئەو کەسانە لەهەمان بارو دۆخدا (سمارەواخرون، ١٩٨٩ :١٢٠)

$$\frac{\text{مج س ص} - \frac{(\text{مج س})(\text{مج ص})}{\text{ن}}}{\sqrt{\left[\text{مج س}^{2} - \frac{(\text{مج س})^{2}}{\text{ن}}\right] * \left[\text{مج ص}^{2} - \frac{(\text{مج ص})^{2}}{\text{ن}}\right]}}$$

(الجادري ، ٢٠٠٧ : ٢٨٨)

هەروەها جیگری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەپیوانە هەمان ئەنجام دەدات ئەگەر پیوانە کردنەکە دووبارە بۆوە لەژیر هەمان بارودۆخدا (ابولبدە ،١٩٧٩ :٦٨) دوابەدوای وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکە دوای ماوەیەك لە ١٥ ڕۆژ کەمتر نەبیت توێژەر بەجیهینانی بەسەر هەمان نموونەیتوێژینەوەدا کە ١٠ مامسۆتایەئەنجامدا بۆ مەبەستی دەرهینانی جیگری ئامرازەکە. هاوکۆلکەیجیگری (پیرسون) ی بەکارهیناوە بەم شیوەیە ڕادەی جیگری ئامرازەکەیشتە ٧٨ % ئەم ڕیژەیەش گونجاوە بۆ دەرهینانی ڕاستی ئامراز .

**پینجەم / پیادەکردنی فۆرمیراپرسی :**

دوای دڵنیابوون لەڕاستی و جیگری ئامراز توێژەر هەر بەپیادەکردنی فۆرمی ئامرازیراپرسی داەبش کرا بەسەر نموونەی توێژینەوە لە ڕۆژی (سێشەممە) ڕێکەوتی (٢٠١٨/٨/٢٨)

**شەشەم/ هۆیەکانی ئاماری :**

١-هاوکێشەیپیرسون : بۆ دەرهینانی ڕیژەی جیگری ئامرازی ڕا وەرگرتنی بەم شیوەیەی خوارەوە.

٢-هاوکیشەیFisher بۆ دەرهینانی کیشە وەلآمدانەوەی هەر بڕگەیەك لەبرگەکانی ڕاپرسیەکەدا هەروەها ریکخستنی برگەکان لەگەورەوە بۆ بچوك (صبري ، ٢٠٠٦ : ١٠٦)

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(\text{د}1\times3) + (\text{د}2\times2) + (\text{د}3\times1)}{\text{ك د}}$$

**بەشی چوارەم**

**ئەنجامی توێژینەوە :-**

بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە لەزانینی رۆڵی هۆیەکانی فێرکردن لەهینانەدی ئامانجەکانی وانەووتنەوەتوێژەر بەم هەنگاوە تێپەڕیوە:

١. توێژەر دووبارەبووەکانی وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکەی ژمارەد بۆ هەر برگەیەك لەو سی رەهەندە کەتوێژەر دایناوە .

٢. توێژەر سی کیشی دانەوە بۆ سی ڕەهەند کەلەراپرسیەکەدا هاتووە وەکو رەهەندی یەکەم (بەرادەیەکی زۆر) = ٣ نمرە (تارادەیەك ) = بـ ٢ نمرە . (بەرادەیەکی کەم) = ١ نمرە

٣. توێژەر بڕگەکانی راپرسیەکەی ریکخست لەبەرزەوە بۆ نزم بەپیی نرخی هاوکیشەی فیشەر بۆ هەر بواریك .

٤. ناوەندی ژمیری پیوەر سیپلەیە کە دەکاتە (٢) دانراوە بەپیوەریك نیوان بەهیزی و لاوازی بڕگەکان .هەر برگەیەك ناوەندیژمیری لە (٢) کەم ترە دەبیت شیبکریتەوە .

**پیوەری پلە بەپلە = ١ + ٢+ ٣ = ٦ ÷٣ = ٢**

توێژەر وەڵامدانەوەی هەموو تاکەکانن نموونەی توێژینەوەی کۆکردەوە لەچوار بواردا :

١-بواری پاڵپیوەنەر چالاکی

٢-بواری چەسپاندنی زانیاریەکان

٣-بواری فراوانکردنی ژیری خوێندکاران

٤-بواری بەدەستهینانی زانیاری و شارەزایی

**١-بواری پاڵپیوەنەر و چالاکی :**

برگەکانی ئەم بوارە بەچوار دەوری وروژاندنی هۆیەکانی فێرکردن، لەحەز و ئارەزوومەراق بۆ بابەتەکانی خویندن لەدەروونی خوێندکاران دەخولینەوەو بایەخ دان بە بەئاگادار کردنەوەی خوێندکارو کات و رەنج بەفیرۆنەدان. بەتیروانینی خشتەی (٣) لەوبڕگەیەی کەدەقەکەی ئەمەیە (حەز و ئارەزووی لای خوێندکار دەوروژێنێت بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە)

کەبەریزی یەکەم هاتووە ، لەم بوارەدا ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,٤) هەروەها برگەی کەئەمە دەقەکەیەتی (خوێندکار بەلای بابەتەکەوە رادەکیشیت ) بەریزی دووەم هاتووە ، ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,٣٨) هەروەها بڕگەی کە ئەمە دەقەکەیەتی (کات بۆ مامۆستا و خوێندکارپاشکەوت دەکات) کەبەریزی سییەم هاتووە ناوەندی شیاو دەکاتە (٢,٣٦) هەروەها ئەو برگەیەی کەئەوە دەقەکەیەتی (چالاکییەبە خوێندکار دەبەخشیت لەتەمەڵی دوری دەخاتەوە بەریزی چوارەم هاتووە).

ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,٣٠) دوا برگە لەم بوارە کە ئەمە دەقەکەیەتی (حەز و ئارەزووی خوێندکار بۆ کاری کۆمەلآیەتی زیاد دەکات) بە ریزی پینجەم هاتووە و ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,١٩) لەم بوارە بۆمان دەردەکەویت کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لای روونە کەهۆیەکانی فێرکردن چ رۆلیکی هەیە لە جیهانی ئامانجەکانی وانەوتنەوە ، کەواتەهۆیەکانی فێرکردن ڕۆلیکی گەورەیان هەیە کە حەز و ئارەزوو لای خوێندکار دەوروژینیت بۆ خویندنی هەر بابەتیك چونکە لەیەك هەست زیاتر بەشدار دەبیت لە مەیانی پرۆسەی فێرکردن دا ئەمەش وا دەکات، کات بۆمامۆستا و خوێندکارپاشەکەوت بکات لەکاتی وانەوتنەوەدا هەروەها یارمەتی دەدات بۆ تیگەشتنی بابەتەکە.

خشتەی (٣)

ناوەندی شیاوی وەڵامدانەوەی مامۆستایان لە بواری پاڵنەر و چالاکیڕوون دەکاتەوە

| ت | ڕیزبەندی | بڕگەکان | ناوەندی شیاوی |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ | حەز و ئارەزووی خوێندکار دەوروژێنیت بۆ خویندنەوەی بابەتەکە | ٢,٤١ |
| ٢ | ٤ | سەرنجی خوێندکار بەلای بابەتەکەوە رادەکیشیت | ٢,٣٨ |
| ٣ | ٥ | کات بۆ مامۆستا و خوێندکارپاشەکەوت دەکات | ٢,٣٦ |
| ٤ | ١٠ | پالاکی بەخوێندکار دەبەخشیت لە تەمەڵی دووری دەخاتەوە | ٢,٣٠ |
| ٥ | ١٢ | حەز و ئارەزووی خوێندکار بۆ کاری کۆمەلآیەتی زیاد دەکات | ٢,١٩ |

**٢-بواری جێگیری زانیاریەکانە:-**

وەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ئەم بوارە ئەمانەی لای خوارەوە بووە:-

بڕگەی (٢) کە ئەمە دەقەکەیەتی (لەڕوونکردنەوەی بابەتی زانستەکان بەشدار دەبن) کە بە ریزی یەکەم هاتووە و ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,٤٢) ( خشتەی ٤) هەروەها بڕگەی (٣) کە دەقەکەی ئەمەیە (یارمەتی چەسپاندنی بابەتە زانستیەکە لە بیری خوێندکاردا دەدات) کە بە ریزی دووەم هاتووە و ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,٤٠) هەروەها بڕگەی (٧) کە ئەمە دەقەکەیەتی(یارمەتی شیکردنەوەی بابەتەکە بۆ ئاسنترین شیوە دەدات) بە ریزی سییەم هاتووە و ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,٣٢) . هەروەها بڕگەی ١٣ کە ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,١٦) بڕگەی ١٤ ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,١٣) بڕگەی ١٨ ناوەندی شیاوی دەکاتە (٢,١٠).

بەپێی وەلآمدانەوەی نمونەی توێژینەوە وا دەردەکەویت کەهۆیەکانی فێرکردن ڕۆلیکی زۆری هەیە لە جیگیری و مانەوەی زانیاری ، ئەمەش کاریکی زۆر گرنگە . راستە کەفێرکردن کاریگەریەکی زۆری دەبیت و بە ئاسانی خوێندکار فیری بابەتکە دەبیت ئەگەر هۆیەکانی فێرکردن بەکاربهینیت.

خشتەی (٤)

ناوەندی شیاوی وەڵامدانەوەی مامۆستایان لە بواری جیگیری زانیاریەکان ڕوون دەکاتەوە

| ت | ڕیزبەندی | بڕگەکان | ناوەندی شیاوی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | هۆیەکانی فێرکردن لەڕوونکردنەوەی بابەتە زانستیە کە بەشدار دەبن | ٢,٤١ |
| ٢ | ٣ | یارمەتی چەسپاندنی بابەتە زانستیەکە لە بیرو هۆشی خوێندکاراندا جیگیر دەکات | ٢,٤٠ |
| ٣ | ٧ | یارمەتی شیکردنەوەی بابەتکە بۆ ئاسانترین شیوە دەکات | ٢,٣٢ |
| ٤ | ١٣ | توانای خوێندکار بۆچارەسەرکردنی کیشەی فێرکردن فراوان دەکات | ٢,١٦ |
| ٥ | ١٤ | هۆیەکانی فێرکردن وا دەکات کەخوێندکار زۆرتر متمانەی بە خۆی بیت | ٢,١٣ |
| ٨ | ١٨ | خوێندکار خاڵی بەهیز و لاواز لە بابەتی خویندن دەدۆزیتەوە | ٢,١٠ |

**٣-بواری فراوان کردنی ژیری خوێندکاران:-**

بەپێی خشتەی (٥) ناوەندی شیاوی هەموو ئەم بڕگانە لە (٢) ناوەندیژمیری زیاترە بۆیە پیویست ناکات شیبکریتەوە چونکە هەموو مامۆستایان کەنموونەی توێژینەوەکەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەهۆیەکانی فێرکردن ڕۆڵیکی گەورەیان هەیە لە فراوان کردنی ژیری خوێندکار بۆ داهینان و فرەکردنی زانیاری کەپاڵ

بەخوێندکارەوە دەنیت بۆ دروستکردنی مەیل ودۆزینەوەی توانا شاراوەکانی و فراوانکردنی بیرکردنەوە بەڕیگایەکی زانستی و کردنەوەی بواری کارکردن لە رابردوو و داهاتوودا.

خشتەی (٥)

ناوەندی شیاوی بواری فراوان کردنی ژیری خوێندکاران

| ت | ریزبەندی | بڕگەکان | ناوەندی شیاوی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٦ | هۆیەکانی فێرکردن بابەتەکە لە بیر و هۆشی خوێندکار نزیك دەکاتەوە | ٢,٣٢ |
| ٢ | ٩ | هۆیەکانی فێرکردن بیری خوێندکار فراوان دەکات و یارمەتی داهینانی دەدات | ٢,٣١ |
| ٣ | ١١ | هۆیەکانی فێرکردن لە توانا و مەیلی خوێندکار دەدۆزیتەوە بەشداری دەکات | ٢,٢٠ |
| ٤ | ١٥ | هۆیەکانی فێرکردن زانیاری خوێندکار بۆ نرخی کارکردن وبایەخ پیدانی لەژیانی ڕۆژانەدا فرەدەکات. | ٢,١٤ |

**٤-بواری بەدەست هینانی زانیاری و شارەزاییەکان:**

بەپیی خشتەی (٦) وا دەردەکەویت کە هەموو بڕگەکانی ئەم بوارە ناوەندی شیاو یان لە ناوەندی ژمیری کە (٢) زیاترە بۆیە ئەم بوارەش بە بیر و رای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە زۆر بایەخیان بەگرنگی هۆیەکانی فێرکردن دا کە ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەی کە زۆر ئاڵۆزە و خوێندکار بە ئاسانی تیبیناگات ، ئەوەش وا دەکات کەخوێندکار خویەکی بریکردنەوەی زانستی رەخنەگرانەی تیادا بڕوینیت و بتوانیت لە ئەنجامدان و بەراورد کردندا بیر و رای خۆی بچەسپینیت . هەر لەبەر ئەمانەتوێژەر ئەو پیشنیازانە وەرناگریت کە دەڵین بەکارهینانی هۆیەکانی فیرکرد کات بە فیرۆ دەدات و بەربەستیکە بۆ بەجیهینانی ئامانجە سەرەکیەکان.

**بەشی پێنجەم**

**یەکەم :- راسپاردە**

١. پیویستەگەشە بەهۆیەکانی فێرکردن بدریت و هۆیە نوێکان و سوود بەخشەکان بەکار بهێنریت بۆیارمەتی ماملۆستا تاوەکو ئامانجەکانی فێرکردن رەفتاری بێنێتە دی.

٢. کردنەوەی ڕۆڵ و خول بۆ مامۆستایان بۆفێرکردن و بەکارهێنانی هەندێ هۆی فێرکردن .

٣. پێویستە ئامێرەکانی داتاشۆ جار جار نۆی بکرێتەوە و پاك بکرێتەوە.

**دووەم:- پێشنیازەکان**

١. توێژینەوەی بەراورد ساز بکریت لە نیوان کۆلیجە مرۆڤایەتیەکان و زانستیەکان لە رووی گرنگی و بایەخی هۆیەکانی فێرکردن .

٢. توێژینەوە دەربارەی ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن بکرێت.

**سەرچاوەکان**


١. أبو لبدة ، سبع محمد : مبادئ القياس النفسي و التقويم التربوي ، جمعية عمال المطابع التعاونية ، عمان ، ١٩٧٩.

٢. بدران ، مصطفى و أخرون : الوسائل ، مكتبة الآنجلو المصرية ، القاهرة ، ١٩٦٩.

٣. الجادري ، عدنان حسين (٢٠٠٧) الاحصاء الوصف العلوم التربوي ، المسيرة للنشر ، عمان.

٤. الجبوري ، صبحي ناجي: أثر استخدام الدروس التلفزيونية في تدريس مادة الجغرافية فى تحصيل تلاميذ السادس الابتدائي ، جامعة بغداد ، كلية التربية ، ١٩٨٧، رسالة ماجستير غير منشورة.

٥.	الجلبي ، سوسن شاكر (٢٠٠٥) : اساسيات بناء الاختبارات والمقاييس النفسية والتربوية ، ط١ ، دار سيلان للنشر والتوزيع، دمشق.
٦.	خضر ، عباس ناجي : (أثر استخدام الحقيبة العلمية فى زيادة تحصيل طلبة الصف الاول سيارات) ، الجامعة التكنولوجية ، ١٩٨٦ ، رسالة ماجستر غير منشورة.
٧.	الخطيب ، علم الدين عبد الرحمن ، أساسيات طرق التدريس ، الجامعة المفتوحةطرابلس ، ١٩٩٣.
٨.	خرما ، نايف و على حجاج اللغات الاجنبية تعليما و تعلمها ، سلسلة عالم المعرفة العدد (١٢٦) الكويت ، السنة ١٩٨٨.
٩.	السامرائي ، هاشم جاسم ، تقييم برامج التلفزيون التربوي من وجهة نظر مديري و معلمي و تلاميذ المدارس الابتدائية ، جامعة بغداد ، كلية التربية ، ١٩٨٧ ، رسالة ماجستر غير منشورة.
١٠.	سمارة ، عزيز و أخرون (١٩٨٩) ، مبادئ القياس و التقويم فى التربية ، دار الفكر للنشر و التوزيع .عمان
١١.	صبري ، عزام عبدالرحمن (٢٠٠٦) الاحصاء الوصفي و نظام spssدار الكتاب العالمي ، عمان.
١٢.	الطيب ، أحمد محمد : التقويم و القياس النفسي و التربوي ، ط١ ، المكتب الجامعي الحديث ، الاسكندرية ، ١٩٩٩.
١٣.	الطوبجي ، حسين حمدي ، تكنولوجيا التربية ، مطابع الرسالة ، الكويت ، ١٩٨٣.
١٤.	عزيز ، صبحة خليل : أصول و تقنيات و التدريس و التدريب ، جامعة التكنولوجية مركز التدريب و النشر ، بغداد ، ١٩٧٦.
١٥.	تقنيات التدريس و التدريب، الجامعة التكنولوجية ، مركز التريب و النشر ، بغداد، ١٩٧٦.
١٦.	فهد ، ابتسام محمد : أثر استخدام الشرائح التعليمية فى زيادة سرعة القراءة و فهمها لتلاميذ الصف الخامس الابتدائي، جامعة بغداد كلية التربية، ١٩٨٦. رسالة ماجستر غير منشورة.
١٧.	الروسان،فاروق (١٩٩٩) : أساليب القياس و التشخيص فى التربية الخاصة،دار الفكر للطباعة ، عمان.
١٨.	الزوبعي ، عبدالجليل أبراهيم و محمد أحمد الغنام (١٩٨١) : مناهج البحث فى التربية ، جامعة بغداد.
١٩.	القذافي ، رمضان : نظريات للتعلم و التعليم / الدار العربية للكتاب.
٢٠.	الكلوب، بشير عبد الرحيم ، الوسائل التعليمية و إعدادها و طرق استعمالها ، دار العلم للملايين / بيروت ،١٩٨٢.
٢١.	اللقاني ، أحمد سعيد ، الوسائل التعليمية و المنهج المدرسي ، مؤسسة الخليج ، ١٩٨٤.
٢٢.	مطاوع ، إبراهيم عصمت ، وواصف عزيز واصف. التربية و العملية و أسس طرق التدريس، دار النهضة العربية ، بيروت ، ١٩٨٢.
٢٣.	مهدي ، عباس عبد علي : أثر بعض الوسائل التعليميةفى تعليم القراءة للاطفال المبتدئين، بغداد ، جامعة بغداد، ١٩٧٦، رسالة ماجستر غير منشورة.

زانكۆی سلیمانی

کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی

راوەرگرتنی بیر و رای شارەزایان

مامۆستایانی بەڕێز:-.............................................

توێژەر هەڵدەستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناوی (ڕۆلی هۆیەکانی فێرکردن له ئەنجامدانی چەند ئامانجیکی وانەوتنەوەی زمانی کوردی لەڕوانگەی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی) بەڕیزتان وەکو شارەزایەکی زۆر بەتوانا لەم بوارەدا ، توێژەر بە سوپاسەوە لیستی راوەرگرتنەکە دەخاتەپیش چاوی بەڕیزتان بە هیوای هەڵبژاردنی یەکیك لەم رەهەندانە کە لەسەر راپرسیەکە ئاماژەی پیکراوە پیشنیارەکانتان بۆ هەر بڕگەیەك توێژینەوەکە دەوڵەمەند دەکاتەوە.

لەگەڵ سوپاسی توێژەر.......

توێژەر پ.ی.د . نظام عبدالجبار حسین

| ژ | بڕگەکان | زۆر | تاڕادەیەك | کەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حەزوو ئارەزووی خوێندکار بۆ خویندنەوەی بابەتەکە دەوروژێنیت | | | |
| ٢ | هۆیەکانی فێرکردن لەڕوون کردنەوەی بابەتە زانستەکە بەشدارن | | | |
| ٣ | هۆیەکانی فێرکردن بابەتە زانستیەکە لە بیر و هۆشی خوێندکاردا جێگیر دەکات | | | |
| ٤ | سەرنجی خوێندکار بەلای بابەتەکەوە رادەکێشێت | | | |

| ژ | بڕگەکان | زۆر | تاڕادەیەك | کەم |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | کات بۆ مامۆستا و خوێندکارپاشەکەوت دەکات | | | |
| ٦ | هۆیەکانی فێرکردن ی بابەتەکە لە بیر و هۆشی خوێندکار نزیك دەکاتەوە | | | |
| ٧ | هۆیەکانی فێرکردن یارمەتی شیکردنەوەی بابەتەکە بۆ ئاسانترین شیوە دەدات | | | |
| ٨ | زانیاری شارەزایی نوی زانستی دیاردەکانی دەوروبەری بەخوێندکار دەگەیەنیت | | | |
| ٩ | بیری خوێندکار فراوانەدەکات و یارمەتی داهینانی دەدات | | | |
| ١٠ | چالاکی بەخوێندکار دەبەخشیت لە تەمەڵی و سستی دووری دەکاتەوە. | | | |
| ١١ | هۆیەکانی فێرکردن  لە دۆزینەوەی توانا و مەیلی خوێندکار بەشداری دەکات. | | | |
| ١٢ | حەز و ئارەزووی خوێندکار بۆ لای کاری کۆمەڵایەتی فراوان دەکات | | | |
| ١٣ | توانای خوێندکار بۆچارەسەر کردنی کیشەکانی فێرکردن  فراوان دەکات. | | | |
| ١٤ | هۆیەکانی فێرکردن فێرکردن  وا دەکات لەخوێندکار زۆرتر متمانەی بە خۆی بێت . | | | |
| ١٥ | هۆیەکانی فێرکردن  زانیاری خوێندکار بۆ نرخی کارکردن و بایەخ پیدانی لەژینانی ڕۆژانەدا فرە دەکات | | | |
| ١٦ | هۆیەکانی فێرکردن خوێندکار لەسەر بریکردنەوەی زانسیت رەخنەگرانەڕا بیت | | | |
| ١٧ | هۆیەکانی فێرکردن یارمەتی خوێندکار بدات بۆ ئەنجام و بەراورد و پیشبینی | | | |
| ١٨ | هۆیەکانی فێرکردن یارمەتی خوی،دکار دەدات بۆ دۆزینەوەی خاڵی بەهێز و لاواز لە بابەتەکانی خوێندن بدات. | | | |